وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر

کۆلێژی پەروەردە/مەخموور

بەشی زمانی کوردی

# ئــــــەدەبـــی فـــۆلــــكـــلـــۆر

## وەرزی یەکەم

## ساڵی خوێندنی 2021/2020

مامۆستایانی بابەت:

**فەرهاد عەزیز   کارزان محسن قادر**

# گاڵتە و گەپجاڕیی

گاڵتەوگەپجاڕیی یا قسەی خۆش، لە جیهانی ئەدەبیاتناسی و فۆلکلۆرناسیدا جێگەیەکی گرنگی هەیە و زۆر لە زانایانی جیهان بە کۆکردنەوە و لێکۆڵیەوەیانەوە خەریکبوون . گاڵتەوگەپ بەشێکی بە نرخی سامانی نەتەوەیی و ئەدەبی سەرزاری خەڵکە و یەکێکە لەو جۆرە ئەدەبانەی کە شەقڵی شوێن و کات و سەردەم و سەدەی خۆی پێوەیە و دەبێتە ئاوێنەی تایبەتی گەلێک لە ڕووداوەکانی کاتی خۆی، قسەی خۆشی کوردی یاخۆ ئەوی هەموو نەتەوەکانی تر تا ئێستا وەک هەموو بەشێکی فۆلکلۆر دەماودەم و پشتاوپشت یەک بۆ یەکی گێڕاوەتەوە. بەو پێیە لە گێڕانەوە و زۆر مانەوەدا بە پێی کات و شوێن و دیالێکتی ئەو کەسەی دەیگێڕیتەوە گۆڕینی بەسەردا هاتووە . قسەی خۆش لە ڕووی ژانری ئەدەبییەوە دەچێتە ڕیزی حیکایەتی کورتەوە. هەرچەندە بە هەموو بارێک قسەی خۆش لە ڕیزی فۆلکلۆری دایە نەک ئەدەبی نووسراو. قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی کراوە بە بەردا .

پێکەنین لە ئەدەب و لە ژیاندا جاری وا هەیە هۆیە، جاری وا هەیە لە خۆیدا مەبەستە. ئەو پێکەنینەی هۆیە، ئەوە لە کۆڕی ئەدەبیاتدا دەبێتە ژانرێکی تایبەتی. دەبێتە هۆی ڕەخنەگرتن لە هەموو دیمەنێکی ناهەموار و خوار و چەوت لە ژیاندا دەبێتە هۆیەکی تیژی گەڕان و پشکنین لە هەموو لا، لە هەموو جێیەک، لە هەموو کاتێکدا بە دوای کەموکوڕی و باری نالەباردا و لە شێوەی گاڵتەدا بەو دیمەنە پەردە لە ڕووی ئەم کەموکوڕییە لا دەدرێت. ئەو پێکەنینەی هۆیە، لە خۆیدا هاوار و نرکەیەکی ناڕەزایی و پڕۆتێستە بەرامبەر بە هەموو شتێک کە بە لای مرۆڤەوە چەوت و ناڕێک بێت. ئیتر ئەو شتە یا کەسێکە یا کۆڕێکە یا دەور و زەمانێکە یا ڕژێم و دەستەیەکە. زۆر جار ئەم جۆرە پێکەنینە لە دەروونێکی زامدار و پڕ ئازارەوە دێتە دەرێت و دەبێتە دەنگێکی سەرشۆڕنەکردن بۆ باری چەوتی ژیان و بانگێکی هیوا و سەرکەوتنە و شێوەیەکی گاڵتەکردن و بە سووک زانینی باری چەوتی ژیانە و هەر لەم ڕووەوەیە کە گەلێک لە مێژوونووسانی ئەدەب قسەی خۆشیان دابەش کردووە بەسەر خانەی قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریشدا، ئەمڕۆ لە ژیان و جیهانی گەلاندا، بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەورووپادا گاڵتەوگەپی سیاسی، لە مەیدانی ڕەخنەگرتنی سیاسی و دەربڕینی بیری خەڵکیدا جێگەی خۆی هەیە. لە زۆر وڵاتدا ڕابەرانی سیاسی و کاربەدەستانی گەورە خۆیان بە دوای ئەو جۆرە گاڵتەوگەپەدا دەگەڕێن کە زۆر جار دەبێتە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ڕای خەڵک بەرامبەر بە خۆیان و کرداریان . هەروەک فۆلکلۆر تێکڕا بە سەرەتای ئەدەبی نووسراو دەزانرێت، هەروەها ئەم بەشەشی سەرەتایەکە بۆ نووسینی ئەدەبی گاڵتەئامێز کە بە " سەتیر " و "یەموور" ناو دەبرێت.

ئەو پێکەنینەش کە ‟هۆ ‟ نییە و مەبەستە ئەویش جێگەیەکی تایبەتی خۆی لە مەیدانی ژیان و ئەدەبدا هەیە. ئەو حیکایەتی گاڵتەوگەپەی جەوهەر و مەژگەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتیی نییە و ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەوتۆی لە ناو ژیانی کۆمەڵدا دانەکوتاوە، ئەویش هەر دەچێتە ڕیزی ئەدەبی ئامانجدارەوە، چونکە پێکەنینێکیش کە لە خۆیدا مەبەست بێت ئەویش هەر ئامانج و مەبەسێکی لە ژیاندا هەیە و لە ئەنجامدا دەبێتەوە هۆ نەک مەبەست. ئەدیبێکی سەردەم دەگێڕێتەوە کەوا سەردەمێکی ژیانی خۆی لەگەڵ دەستە ئەدیبێکدا بردەسەر و ڕۆژی چەند سەعاتێک بە قسەی ئەوتۆ و باسی ئەملا و ئەولا دەبردەسەر کە پێیپێکەنن و پێی ڕابوێرن . ئەو ئەدیبە دەڵێت: هەرچەندە ڕۆژی چەند سەعاتێک پڕ بە دڵ هێندە پێکەنین کە تەواو بپچڕێین، بەڵام وامان دەزانی کە کاتی خۆمان بە پڕووپووچ و قسەی بێ مانا و بێ ئامانجەوە دەبەینە سەر و کاتی زێڕینمان لە دەست خۆمان دەدەین. بەڵام ئێستا کە لەوان دابڕاوم و دوورکەوتوومەوە و هەندێکیان وا لە ژێر گڵدان، ئێستا هەست دەکەم کە ئەو کاتە زێڕینەمان بە فیڕۆ نەڕۆیشتبوو. ئێستا هەست دەکەم کە پێکەنین شتێکی گرنگە لەو شتانەی کە پێویستی مرۆڤ و هیچ لە هەناسەدان و خواردن و خواردنەوەی جیا ناکەمەوە. ژیانی مرۆڤ بە بێ پێکەنین بە فیڕۆ دەڕوات و تارمایی ڕەشی و نائومێدی بەسەرخۆیدا دەدات و وات لێ دەکات کە ئاسۆی فراوانی ژیان نەبینیت. کەواتە پێکەنینی دووەمیش ئامانجێکی بەرزی هەیە و یەکێک لە پەیامەکانی ئەدەبیات بەجێدەهێنێت. چیرۆکی گاڵتەوگەپ وەک بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر خزمەتی خەڵک دەکات، چونکە ژیانی پڕ لە پێکەنین وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی بەختیارە لە وتە و بەرهەمی شاعیرانی جیهاندا زۆر جار پێکەنین دەکرێت بە نیشانەی بەختیاریی، ژیان پڕ لە پێکەنین دەکرێت بە ئامانجی کەسانێک کە هەوڵی شادی و بەختیارییانە.

گاڵتەوگەپ هەمیشە لە شێوەی چیرۆکێکی کورتدا دادەڕێژرێت، جا ئەوە چیرۆکە،یان حیکایەتە ، یان بە ناوی کەسێکەوە دەگێڕدرێتەوە یا چەند قارەمانێکی "ناسراو " یا "نەناسراو" هەیە . قارەمانی گاڵتەوگەپ باسێکی فراوانە لە باسەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر. چیرۆکی گاڵتەوگەپ، لای کورد و هەموو گەلان مەرج نییە کە "قارەمان" و "کەسانی" حیکایەتەکەی هەر ئادەمیزاد بێت، بگرە هەروەک "حیکایەت" زۆر جار لە زمان دڕندە و ماڵات و فڕندەوە دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە حیکایەتی گاڵتەوگەپیشدا هەمیشە دڕندە و باڵندە دەبێتە نیشانە نیشانە بۆ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا. بەکارهێنانی (نیشانە =ڕەمز= هێما= جەڤەنگ= سیمبۆل) لەگەڵ ئەدەبی سیمبۆلیزمدا جیاوازە . چونکە بەکارهێنانی نیشانە، مەبەستی ئەدەبەکەی ڕۆشن و دیارە و باس لە شتێکی ئەم ژیانە دەکات ، بەڵام ئەدەبی ڕەمزی شتێکی دوورە لە ژیانەوە و جۆرە ڕاکردنێکە لە ژیان و تەومژ و ناڕۆشنی دانێکە بە ئەدەب. چیرۆکی گاڵتەوگەپی کوردی کە نیشانەی تێدا بەکارهێنراوە. ئەم جۆرە چیرۆکە تەنیا قاڵبی پێکەنینە کە لە حیکایەتی تری جیا دەکاتەوە و دەیخاتە ڕیزی گاڵتەوگەپەوە. چیرۆکی گاڵتەوگەپ زۆر جار وەک حیکایەتی تر دەبێتە هۆی چەسپاندنی پەندێک لە پەندەکانی پێشینان، واتا حیکایەتەکە لە ڕیزی چیرۆک و گاڵتەوگەپ دا دەمێنێتەوە و پەندەکەی دەچێتە ڕیزی پەندی پێشینانەوە.

چەند پەندمان هەیە کە لە شێوەی گاڵتە پێکردنو ڕەخنەی بە پێکەنینەوە داڕێژراون، بەڵام ئێستا ئێمە حیکایەتەکانیان نازانین. ئەگەر لەگەڵ پەندەکاندا حیکایەتەکانیشیان بمانایە، ئێستا ئەوانیش دەچوونە سەر سامانی بە نرخی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشمان، زۆرترین قسەی خۆش بە دەم یەکێکەوە دەگێڕدرێتەوە، جا یان حیکایەتەکە دەربارەی تاقە کەسێک یا چەند کەسێکە، ئەو کەسە ، یان ئەو کەسانە زۆر جار هەیە ناسراون لە ژیانی ئەمڕۆدا یا دوێنێی خەڵکدا، یا لە مێژووی گەلێکدا یان کەسێك دان کە ناو و شوێنەواریان نەماوە، یان کەسی خەیاڵین. ئەو حیکایەتەش لە دەمەوە دەگێڕدرێتەوە، یان کەسێکی ڕاستەقینەیە، یان کەسێکی خەیاڵییە کە لە ئەدەبناسیدا پێیدەوترێت قارەمانی گاڵتەوگەپ. قارەمانی گاڵتەوگەپ لای هەموو گەلان کەسێکی ڕاستەقینەیە خۆی لە خۆیدا قسەخۆش و نوکتەبێژ و قۆشمەیە قسە دەکات و دەکەوێتە ناو خەڵکەوە و بڵاو دەبێتەوە. جا ئیتر ئەو خەڵکەش شتێکی دەخەنە سەر و لێی زیاد دەکەن و قسەی تر بە دەم ئەو کەسە ڕاستەقینەیەوە هەڵدەبەستن و هەر کەسێکیش قسەیەکی خۆشی بۆ هات بۆ برەو یان بۆ زۆرتر خۆشکردنی قسەکە دەیداتە پاڵ ئەو کەسە ڕاستەقینە قسەخۆشە، یان جاری وا هەیە ئەگەر قسە خۆشەکە سروشتێکی سیاسی هەبوو. ئەوا دەدرێتە پاڵ کەسێکی قسەخۆش کە قسەی لێناگیرێت، زۆر جاریش قارەمانی گاڵتەوگەپ کەسێکی خەیاڵییە، خەڵک دروستی دەکەن، تا قسەی بدەنە پاڵ و بە ناوی ئەوەوە قسە بگێڕنەوە و ڕەخنە لە باری ناهەموار و ناڕێکی ژیان بگرن.

زۆر جار قارەمانی گاڵتەوگەپ تەنیا هی ناوچەیەکە، واتە لە ناوچەیەکدا ناسراو و بەناوبانگە، زۆر جار لە ناو نەتەوەیەکدا بەناوبانگە، زۆر جاریش قارەمانێکی گاڵتەوگەپ هێندە ناوبانگ پەیدا دەکات کە قسەی لەناو چەند نەتەوەیەکدا بڵاوببێتەوە، یا چەند نەتەوەیەک “ قارەمانێکی گاڵتەوگەپ یان بەو ناوەوە هەبێ، یا بەشداربن لە قسە و گاڵتەوگەپی تاقە قارەمانێکدا ، ئیتر ئەو قارەمانە ڕاستەقینە بێت یا خەیاڵی. دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە قسەی خۆشی ئەم قارەمانی گاڵتەوگەپانە و تەنیا لە چەند ساڵ و دەورێکدا ناگێڕدرێتەوە، بگرە پشتاوپشت، چەند سەدەیەک ئەم قسانە هەر باو دەبن، لەناو نەتەوەیەک یا چەند نەتەوەیەکدا لەبەر تیشکی ئەم هۆکارانەدا دەتوانین بڕوانینە ئەو گۆڕینەی بەسەر ئەم قسە خۆشانەدا دێن و بڕوانینە داڕشتنیان کە لە ڕووی زمانەوە و بڕوانینە مەسەلەی قارەمانی هاوبەشی لە نێوان چەند نەتەوەیەکدا، لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا. بۆنموونە: لە ناو گەلێک نەتەوەی ڕۆژهەڵاتدا ڕیزە قسەیەکی خۆش دەدرێتە پاڵ تاقە یەک قارەمان، قسەکان هەریەکن، وەرگێڕانی پڕ بە پڕی حیکایەتەکانن لە زمانی یەکێک لەو نەتەوانەوە بۆ زمانی ئەوی تر. ئەم حیکایەتانە بەو ناوەوە گاڵتەوگەپی قارەمانێکی قۆشمەی ڕۆژهەڵاتە خراوەتە سەر زۆر زمانی ئەوروپا. جا ئەو قارەمانی گاڵتە و گەپە، لای کورد بە (مەلای مەشهوور=مەلای مەزبوورە) ناو دەبرێت ، لای عەرەب دەبێتە (جحا =جحای ڕۆمی). لە لای تورک و ئازربایجان و ئەو نەتەوانەی زمانەکەیان لە کۆمەڵە زمانە تورکییەکان دایە بە (خواجە نەسرەدین=مەلا نەسرەدین=نەسرەدین ئەفەندی) ناو دەبرێت، لە لای گەلی (وێگوور) کە لە چین دەژین دەبێتە (نەسرەدین ئەفانتی) واتا (ئەفەندی).

ئێمە مەلا بە قارەمانێکی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆشی کوردی دادەنێین، هەرچەندە هەندێ لە زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە مەلا کەسێکی خەیاڵییە و قسە خۆشەکانی بەرهەمی چەند سەدەیەکن، واتە لەو چەند سەدەیەدا، لە ناو ئەو چەند نەتەوەیەی ڕۆژهەڵاتدا چ قسەیەکی خۆش کراوە دراوەتە پاڵ (جحا=مەلا نەسرەدین =مەلای مەزبوورە) بەمجۆرە لە لای گەلانی ڕۆژهەڵات سامانێکی گەورەی گاڵتەوگەپ کۆبووەتەوە و دراوەتە پاڵ ئەو قارەمانەقۆشمەیەبازە، هەرچەندە قسەکانی هەر یەکە شەقڵی مێژوویی کۆمەڵایەتی و کەرەستە و بابەتی دەور و زەمان و شوێنێکی جیاوازی پێوەیە. هەر لەبەرئەمە نەتەوەی کوردیش دەتوانێ کەسێتی مەلای مەزبوورە بە قارەمانێکی قسەخۆش و فۆلکلۆری خۆی بزانێت. تا ئێستا سێجار بە کوردی کۆمەڵە قسەی خۆشی مەلا بڵاوکراوەتەوە.
یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە لایەن محەمەد مستەفا کوردییەوە چاپ کراوە و پێشەکیی بۆ نووسراوە، دووەمجار خاوەنی چاپخانەی تەرەقی لە کەرکووک چاپیکردووە و ئەم پێشەکییەی پێشووی لە چاپ داوەتەوە. سێیەمجار ساڵی ١٩٦٧ لە چاپخانەی هەولێر گیوی موکریانی کۆمەڵێک قسەی خۆشی مەلای بە ناوی (مەلای بەناوبانگ=مەلای مەشهوور) لە چاپداوە و پێشەکییەکی بۆ نووسیوە. محەمەد مستەفا کوردی مەلا بە کورد دەزانێت ، واتە لە ڕەگەزدا بە کوردی دەزانێت بۆیە لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: مەلای بەناوبانگ ناوی نەسرەدین و لە کوردەکانی مازندەرانی بووە.

خاوەنی شاکاری ئەدەبی ڕشتەی مرواری، مامۆستا علاءالدین سجادی دەڵێت: دەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە لە ناو کورددا مەلا دەستەیەکی دیار و ئاشکرا بوون بەوەی خوێندەوار و زانیار هەر ئەوان بوون، لە هەموو وەختێکدا و لە هەموو شوێنیکدا پەنجەیان بۆ ڕاکێشاون. ئەم دەستەیە لە ناو مرۆڤدا تا ئەوپەڕی بە چاوی گەورەیی و ڕێز لێگیراوییەوە تەماشا کرابوون. لە ئیشی بچووک و گەورەدا پرس بەوان کراوە. تەنانەت ناوی هیچ کۆمەڵێکی تر نەبووە بەرامبەری لەگەڵ ناوی ئەوان بکا. لەبەرئەوە ناوی ئەمان لەسەر زمانی گەورە و بچوک بووە. فەرمانی کە ئەمان دابێتیان گێڕانەوەی نەبووە، جا بەم بۆنەیەوە هەر کار و فەرمانێک بووبێت دراوەتە پاڵ ئەوان و وتوویانە مەلا وای وتووە یان مەلا وتی، وتنی ئەم ناوە لەسەر زمانی خەڵک هەمووی نیشانەی خۆشەویستی و گەورەیی ئەوان بووە. وەکو چۆن لە ماڵیکدا خێزان و ماڵ و منداڵی ئەو ماڵە هەر کامێکیان هەستن و قسەیەک بکەن بۆ ئەوەی کە ئیتر ئەو ئیشە کێشەی تێدا نەبێت هەر دەڵێن باوکم وای وت یان باوکم وتی. دیارە ئەم ڕستە نیشانە و بەڵگەیە بۆ گەورەیی باوکەکە کە لە بەرچاوی تێکڕای مرۆڤەکەوە. بۆیە لە زۆر شوێنی سەرگوزەشت و قسەی کوردیدا وشەی مەلا پاڵەوانی سەرگوزەشتەکەیە. ئەم ڕایە ئەگەر بە نیسبەت هەموو ئەو قسانەشەوە نەیەتە دی کە دەدرێتە پاڵ مەلا خۆ بۆ زۆر لەو قسانە ڕاستە.

گاڵتەوگەپ، وەک هەموو بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر و وەک بەشێکی ئەدەب بە تێکڕایی جۆرە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە شێوەیەکی تایبەتی هونەردا دادەڕێژرێت و (زمان و وشە و گێڕانەوە) دەبێتە کەرەسەی ئەو داڕشتنە. جا سەرچاوەی ئەو کەرەسە یە واتە زمان و وشەکان چی بن و موڵکی کام نەتەوە بن ئەوە دەبێتە هۆیەک کە ئەو بەرهەمە بدرێتە پاڵ ئەو نەتەوەیە. لەبەرئەوەی قسەکانی مەلا بە کوردی دەگێڕێتەوە و لەناو کورددا باون، ئەوا ئەو قسانەی موڵکی نەتەوەی کوردن و خاوەن و قارەمانەکەشی قارەمانی گاڵتەوگەپی کوردە. ڕەنگە بوترێت کەوا ئەو قارەمانە واتە مەلای مەشهوور و قسەکانی تەنیا لای کورد نین، لە وەڵامی ئەمەشدا دەڵێین: گاڵتەوگەپیش وەک بەشەکانی تری فۆلکلۆر، وەک زۆر داستانی دڵداری و مێژوویی، وەک پەندی پێشینان، زۆری بە چەند زمانێک هەن و باون و زۆر جاریش هەریەک پەند کتومت وەرگێڕانی پەندی نەتەوەیەکی ترە. لە کاتی خۆیدا وتمان کات و شوێن واتە هەلومەرجی لەیەکچوو، پەند و بەرهەمی فۆلکلۆریی لەیەکچوو لای گەلێک نەتەوە دەهێنێتەوە کایەوە ئێستاش دەڵێین: کات و شوێنی لەیەکچوو، ڕوخساری لەیەکچووی بەرەو پێشچوونی مێژوویی، قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی لەیەکچوو دەهێنێتەوە کایەوە. وەک بە پەندەکانمان وت: پەندی هاوبەشی چەند نەتەوەیەک هەروەها بەم قسەیە خۆشانەش دەڵێن: موڵکی هاوبەشی فۆلکلۆری چەند نەتەوەیەک. کەواتە کەسێتی مەلای مەشهوور ڕاستەقینە بێت، یان خەیاڵی، لە ڕەچەڵەکدا لە هەر نەتەوەیەک بووبێت، بەڵ ای ئێمەوە هەر کوردە و قارەمانی گاڵتەوگەپی کوردییە. یان ئەوپەڕەکەی دەتوانین بڵێین: بەشی کوردیشی پێوەیە، یاخود ئەو قسانەی کە لە ناو کورددا باون، با هەندێکیان بە زمانی تریش هەبن، ئەوانە موڵکی سامانی نەتەوایەتی کوردن.

له مەیدانی گاڵتەوگەپی هاوبەشی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا، قارەمانێکی تری گاڵتەوگەپ بەناوبانگە. کە لە ناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا بە (بەهلوول) ناوی دەرکردووە. بەهلوول و قسەکانی لە وڵاتی ئازەربایجان و لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا ناسراون، هەندێك (بەهلوول) بە عەرەب دەزانن و لەناو خەڵکدا وا ناوبانگی دەرکردووە کە برای خەلیفەی گەورەی عەباسیی هاڕوونە ڕەشیدە. لە ناو کوردیشدا (بەهلوول) و قسەکانی هەو بەناوبانگن، کوردیش کە باسی بەهلوول دەکەن وای دادەنێن کە برایەکی شێتی هارونە ڕەشید بووە. لە لای هەندێک کەس بەهلوول، شێواندنێکی کەسێتی ڕاستەقینەی شاعیری ناسراوی عەرەب ئەبونەواسە، یاخود زۆر لە قسە خۆشەکانی ئەبونەواس وا دەگێڕنەوە کە قسەی بەهلوول بن، یا زۆر لەو حیکایەتانەی ئەبونەواس و قسە و باس لە کۆشکی خەلیفەدا، لە لاپەڕەی کتێبی گەورە و زەردەوە هاتووەتە ناو خەڵک و لێیگۆڕدراوە و شتی خراوەتە سەر و قارەمانێکی بۆ دروست کراوە و ناونراوە بەهلوول، کورد دەڵێن: قسە یا لە شێت یان لە منداڵ وەربگرە. واتە شێت و منداڵ پێچ و پەنا و شت شاردنەوە نازانن و ئەوەی لە دڵیاندا بێت بە زمان دەیڵێن. بۆیە ئەم بەهلوولەی لەناو خەڵکدا بووە بە قارەمانێکی شێتی گاڵتەوگەپ. قسەی حەق و ڕاستەقینەی بە زمانەوە دەگێڕدرێتەوە. قسەی هەقیش وەک کورد دەڵێن: زۆر جار ڕەقە وەک بەردێک وایە دەدرێت بە سەر و گوێلاکی پیاوخراپان و زۆرداراندا، وەک حیکایەتی کوردی و ڕۆژهەڵات جووتە کەسێتی مەلای مەزبووره و تەیمووری لەنگی کردبوو بە بەهانەی زۆر ڕەخنە و زۆر قسەی هەق، هەر ئەو حیکایەتانەش جووتە کەسێتی بەهلوول و هارونە ڕەشید دەکەن بە پەردە و بەهانەی گێڕانەوە و دروسکردنی قسەی هەقی تر . بەڵام وەک وتمان مەلا بە پیاوێکی ژیر و زانا دروست کراوە، بەهلوولیش بە شێت و قسە لە ڕوویەکی ئەوتۆ کە سڵ لە هیچ و لە کەس ناکاتەوە.

# ئەدەبی نووسراوی گاڵتەوگەپی کوردی

گەورهەرە بەنرخەکەی مامۆستا و زانا (عەلائەدین سوجادی ڕشتەی مرواری)ـیە کە لە پەڕتووکخانەی ئەدەبی کوردیدا جێگەیەکی تایبەتی و دیاری بۆ خۆی گرتووە. ڕشتەی مرواری لە کۆڕی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی و لە مەیدانی باسی گاڵتەوگەپی فۆلکلۆردا باسێکی ورد و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێت . کۆمەڵی باسی گاڵتەوگەپی فۆلکلۆری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ... گرتووەتە خۆ. پیرەمێردی شاعیریش وەک ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد کە ئەرکی خۆی لە زۆر مەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا بەرامبەر بە نەتەوەکەی بەجێهێناوە. لەم مەیدانەشدا قسووری نەکردووە و هاتووە کۆمەڵێک لە گاڵتەوگەپی فۆلکلۆری کوردیی کۆکردووەتەوە و بە ناوی "گاڵتەوگەپ"ەوە لە چاپیداوە. خاوەنی ڕشتەی مرواری جارێکی تر هەموو ناوەڕۆکەکانی "گاڵتەوگەپ" ی پیرەمیردی چاپ کردووەتەوە. ڕشتەی مرواری هەر کتێبی گاڵتەوگەپ و فۆلکلۆر کۆکردنەوە نییە، بگرە وەک بەشی زۆری بەرهەم بە نرخەکانی عەلائەددین سوجادی، سروشتێکی ئەنسکلۆپیدییانەی وای هەیە کە لەگەڵ پلەی ڕۆشنبیری و چاوکراوەکەیدا دەگونجێت. بۆیە لە ڕشتەی مرواریدا کۆمەڵێک لە بەشەکانی فۆلکلۆر دەبینین کۆمەڵە چیرۆکێک کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە کە دەچنە ڕیزی ئەفسانەی کوردییەوە، چونکە کەرەستەکانی ئەو چیرۆکانە هەر لەو کەرەستانەی ئەفسانەی کوردین کە لەمەوبەر باسمان کردن. هەندێك چیرۆکی تر کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە کە دەچنە ڕیزی حیکایەتی کوردییەوە، ئەویش هەر لەبەرئەوەی کەرەستەکەی لە کەرەستەی حیکایەت و بە کورتی قارەمانەکەی لە باتی "دێو و درنج" و هەندێ "پەلەوەر"ئادەمیزادە، چیرۆکی کێشەی ئادەمیزاد دەگێڕنەوە لەگەڵ ژیاندا.

لە ڕشتەی مرواریدا گەلێک لاپەڕە و باس هەیە، کە دەچنە ڕیزی زانستی فۆلکلۆرەوە بە گشتی، بەڵام دوورن لە باسی ئەدەبی فۆلکلۆر. ئەو باسانە بۆ گەلێک لێکۆڵینەوەی زانستیی تریش بەکار دێن. لە کۆڕی فۆلکلۆردا کۆمەڵێک عادەت و ڕەوشت و خووی کۆنی ناو کوردەوایی کۆکردوونەتەوە کە لەمەوبەر ئیسماعیل حەقی شاقەیس لە ژێر ناوی "پڕووپووچی پێشینان" دا هەندێ باسی لەوەوە نزیکی لە ساڵی ١٩٣٢ دا نوسیوەتەوە و چاپی کردووە، ئەم جۆرە باسە کەرەسەیەکی دەوڵەمەندە بۆ ئەو زانایانەی بە ژیانی کۆمەڵەوە خەریک دەبن. لە چەند لاپەڕەیەکی تردا هەندێ زانیاریی بە نرخی دەربارەی ڕۆژ و ساڵ و مانگ کۆکردووەتەوە کە بۆ ئەوە دەست دەدات بکرێت بە سەرەتای باسێکی درێژ دەربارەی گەردوونناسیی لە لای کوردان. ڕشتەی مرواریی لە گەلێک لاپەڕەیدا وەسفی چەند دەورێکی مێژوویی ژیانی کوردان و ناوچەی سلێمانیی خستووەتە پێش چاو، بە تایبەتی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان و ساڵانی گرانی و ڕۆژانی شێخ مەحموودی نەمر و لافاوە دوابەدواکانی سلێمانی. ئەم وەسفانە لە پاڵ هۆکارە مێژووییەکەی خۆیدا یاریدەیەکی باشی مێژووناسان دەدات کە بە جۆرێکی ڕاستەقینە لە مێژووی نەتەوەکەمان بکۆڵنەوە. زۆر باسی لەم بابەتەی ڕشتەی مرواری ئێستا لای خوێنەری کورد ئەو نرخەی نییە، چونکە ئەو شتانەی لەوێدا وەسف کراوە وان لە بەرچاویدا لە سنووری بیرەوەریی خەڵک نەچوونەتە دەرەوە. بەڵام ئەو باسانە بۆ ساڵانی داهاتوو بایەخێکی زۆری هەیە.

ڕشتەی مرواری لە پاڵ تۆمارکردنی حیکایەت و ئەفسانە و وەسفی مێژوویدا هەندێ شتی تێدایە کە دەچنە خانەی هەواڵی ئەدەبییەوە، بۆ مێژوو دەمێنێتەوە. نموونەی ئەمانە ئەو دەنگوباس و قسە خۆشانەیە کە لەنیوان گەلێک لە شاعیراندا ڕوویداوە . قسەی خۆشی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) لە مەیدانی ئەدەبدا دەچێتە پاڵ شیعرەکانی و تابلۆیەکی ژیانی زانستی و ئەدەبی وڵات لەو سەردەمانەی ڕابردوودا نەخشە دەکێشێ . هەندێ پارچە شیعری تازە و هەندێ نامەی ئەدەبیی تۆمارکردووە و لە فەوتاندن پاراستوونی. لەوانە نامەیەکە کە شاعیری بەناوبانگ (ناری=مەلا کاکەی حەمەی بێلو) بۆ (شێخ مەحموود)ـی نەمری نووسیووە و پارچەیەک لە نووسینی پەخشانی کوردی سەردەمی ناری و ئەدیبانی وەک (ناری)مان پێشان دەدات. ڕشتەی مرواری کەرەستەی گەلێک باسی کۆمەڵایەتیی بۆ ئامادە کردووین. ئەگەر لە ئەفسانەی کوردیدا دیمەنێکی ژیانی کۆن و پێش مێژووی کورد ببینین و لە ڕووی بیروباوەڕ و ئاینیشەوە هەندێ وێنەی باوەڕی پێش ئیسلام دیاربێت. ئەوا لە ڕشتەی مرواریدا وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەم چەند سەدەی دواییەی کورد دیارە و لە ڕووی ئاینیشەوە هەندێ حیکایەتی ئەوتۆ دەبینین کە هەرچەندە لە قاڵبی گاڵتە و پێکەنیندا دەگێڕدرێتەوە، بەڵام لەو دیو پەردەی پێکەنینەوە دوو ڕێچکە دەبینین کە دەچنەوە سەر باسی (کورد و ئاینی ئیسلام).

لە ڕشتەی مرواریيدا ا گەلێک حیکایەتی تر دەربارەی ئیشکردن هەیە، لە هەندێك شوێندا نەخشەی کاریکاتێری کێشانی پڕ لە پێکەنینی پیاوی بێکار و ئیشنەکەر و تەمبەڵە. حیکایەتی گاڵتەوگەپی کوردی، لە زمان گەلی کوردەوە کە نەتەوەیەکی زەحمەتکێشە، گاڵتە بە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە نایانەوێ بە ئارەقی ناوچەوان نان پەیدا بکەن و دەیانەوێ لە سای سێبەردا دابنیشن و ڕەنجی خەڵکی تر بخۆن. ڕشتەی مرواریی شتێکی تازە و پاراوە لە مەیدانی نووسینەوەی فۆلکلۆر و ئەدەب و بزووتنەوەی بیرڕووناکیی کوردیدا. لە مەیدانی سامانی نەتەوایەتیی کورددا جێگەیەکی تایبەتییان بۆخۆیان گرتووە. لە کۆڕی زمانی کوردیدا دەوڵەمەندکردن و فراوانکردن و هەوڵێکی جوامێرانەی پاراستنی زمانی کوردییە، لە کۆڕی دیالێکتەکانی کوردیدا داچەسپاندنی هەندێك دوانە لە چیرۆکدا یان دیالێکتی جیاجیای زمانی کوردی، لە هەندێك جێگەدا لەم مەیدانەشدا بۆ بەراوردکردن دەستدەدات. لە کۆڕی نووسینەوەی فۆلکلۆردی کوردیدا ئەم جۆرە بەرهەمانە سوودی خۆیان بە بزووتنەوەی بیرڕووناکی کوردی گەیاندووە. ڕشتەی مرواریی زۆرتر دەچێتە ڕیزی گێڕانەوە و نووسینەوە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی فۆلکلۆرەوە.